# کۆنگرەی سیهەمی حیزب ورۆژیك لەگەڵ ئیوە

## هۆڵـــــــــەندا

کاتژمیر 1پاشنیوەرۆی رۆژی یەکشەممە 19-06-2005 کۆمیتەی هۆڵەندا لەپیناوی زیاتر روونکردنەوەی ئاراستە وسیاسەتەکانی کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، کەلەمانگی نیسانی رابردوودا لەشاری بەغدا بەسرا، سیمیناریکی بۆ هاوریٚیان خەسرەو سایە ودەشتی جەمال ئەندامانی کۆمیتەناوەندی سازکرد. لەم سیمینارەدا کەژمارەیەکی بەرچاو لەدۆستانی حیزب وپەنابەرانی دانیشتووی هۆڵەندا ئامادەی بوون، سەرەتا دەشتی جەمال باسی لەگرنگی جیگاوریگای ئەو کۆنگرەیە کرد ولایەنەکانی بۆئامادەبووان خستەروو. پاشان خەسرەو سایە بەتەفصیل تیشکی خستەسەر ئاراستە وسیاسەتە ئەصلییەکانی کەکۆنگرە لەسەریان چەقی بەستبوو. باسی ئەوەی کەکۆنگرەی سیهەم کۆنگرەیەکی تەواو سیاسی ولەگۆشەی تەرحی بەدیلی کۆمۆنیستی ورادیکالەوە بۆ دەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەگیژاوی سیناریۆیەکی رەش کەبەرەنجامی سیاسەتی داگیرکاری ئەمریکایە وقوولبوونەوەشی لەئاکامی بنبەستی سیاسەتەکانی ئەمریکا وقووتبیبوونەوەی جەنگی دوو جەبهەی تیرۆریستی ئەمریکا وئیسلامی سیاسی دا، وزەمینەساوبوون بۆ رەوت ودارودەستە ئیسلامی وقەومی وتائیفییەکان بۆ شۆرکردنەوەی کۆمەلگا بۆناو جەنگیکی ناوخۆ کەهەر رۆژە گۆشەیەکی ژیانی مەدەنی خەلکی عیراق دەسووتینیٚ. باسی لەمەیداندابوونی هیزیکی کۆمۆنیستی کریکاری کەپەرچەمی رزگاری خەلك وکۆمەلگای لەم ئاستەنگە ترسناکە بەرزکردۆتەوە کردو،وەکو تەنیا ریگایەك بۆ بەرگرتن بەدارماندنی زیاتری عیراق بۆژیر چەپۆکی کۆنەپەرستی ئیسلامی وقەومی لایەنەکانی نەخشە وسیاسەتەکانی رۆشنکردەوە. دواتر ئامادەبووان بەپرسیار ومداخەلە بەشداریانکردو هاوریٚیانیش وەلامیان دانەوە.

بەشی دووەمی ئەم رۆژە بەمۆسقاو خۆشی وشادی بەبەشداری ئامادەبووان بەریوەچوو. بەمشیوەیە بەرنامەی ئەو رۆژەمان هەتا کاتژمیر 6ئیوارە بەردەوامبوو، لەناو شۆروشەوقی ئامادەبوواندا سەرکەوتووانە کۆتایی پیٚهات.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق– کۆمیتەی هۆڵەندا

2005-06-22